# ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد

زامدار ئەحمەد

ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد



زامدار ئەحمەد

بەرگ: ئیبراهیم صالح

# Jine Hellkewtuwekanî Kurd



Mestûre
adîle Xan
Hepse Xanî Neqîb
Qedem Xêr
Necîbe Celî Zade
Margrêt
Leyla Qasim
Sakîne Cansiz
Leyla Zana

Zamdar Ehmed

# ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد

مەستوورە، عادیلە خان، حەپسەخانی نەقیب، قەدەم خێر، نەجیبە جەلی زادە، مارگرێت، لەیلا قاسم، ساکینە جانسز، لەیلا زانا

زامدار ئەحمەد

٢٠٢١

**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب: ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد

ناوی نووسەر: زامدار ئەحمەد

بابەت: مێژوویی

نەخشەسازی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپی یەکەم: ٢٠٢١

شوێنی چاپ: ناوەندی بڵاوکردنەوەی سارا، سلێمانی

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٩٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە.

# ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد

# پێرستی بابەتەكان


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی | ٧ |
| ئافرەت لەدیدی شاعیرانەوە | ١١ |
| مەستوورە | ٢٣ |
| عادیلە خان | ٣٧ |
| حەپسەخانی نەقیب | ٥٣ |
| قەدەم خێر | ٦٥ |
| نەجیبە جەلی زادە | ٨٣ |
| مارگرێت | ٩٥ |
| لەیلا قاسم | ١٠٣ |
| ساكینە جانسز | ١١٧ |
| لەیلا زانا | ١٣٧ |
| المقدمة | ١٥٣ |
| پیش گفتار | ١٥٥ |

ئەوان
لە بەژی سنۆبەر،
لە ئـاوی کـەوســەر،
لــەڕەگی دار هــەرمێ،
لـــە جـــوانی قـــەندیلن!

ئەوان،
لە پاکی مریەم،
لە قارەمانی، مەلالە،
لەبەهێزی بێنەزیر بۆتۆ،
لـە زیـرەکـی ئانا فرۆیـدن!

## پێشەکی

لەمێژووی گەلی کورددا، بەدەیان و سەدان ئافرەت ناویان تۆمارکردووە، کە ڕچەشکێن و ڕیفۆرخواز و چاکسازی گەورە و گرنگیان لەبواری ڕۆشنبیری، سیاسی و ئەدەبیدا ئەنجامداوە، جێدەستییان دیارە و کاریگەری پۆزەتیڤیان لەسەر کۆمەڵگەوە هەبووە. بەشێوەیەک، هەندێ وڵات هیواخواز بوون، ئەو کەسایەتییانە لەڕەگەز و نەتەوە و خاکی ئەواندا لەدایک بوونایە.

ئەم کتێبە باسی نۆ ئافرەتی کوردی کوردستانی تێدایە. کە ئەمانەن: (مەستوورە، شاعیر و یەکەمین مێژوونوسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. عادیلە خان، کەسایەتی دیار و بەرچاوی سنوری هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور، کە لە زۆربەی سێکتەرەکاندا جێیدەستی دیارە. حەپسەخانی نەقیب، کەسایەتی دیار و سیاسیەکی سەدەی ڕابردوو. بەتایبەتی لەنێو شاری سلێمانی دەورونەخشی هەبووە. قەدەم خێر، شۆڕشگێڕێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زیاتر لە پێنج ساڵ ڕاپەڕینی لەدژی دەسەڵاتی ڕەزا شای پەهلەوی ئەنجامدا. نەجیبە جەلی زادە، یەکەمین کچ بووە، لەگەڵ کوڕاندا چۆتە فێرگە و خوێندوویەتی، هاوکات لە هۆشیار کردنەوەی ئافرەتان بەتایبەتی لەنێو شاری کۆیە ڕۆڵی هەبووە. مارگرێت، یەکەم پێشمەرگەی ئافرەت بووە لە کوردستان و لە شاخدا بەرگری لە خاکی کوردستان کردووە. لەیلا قاسم، یەکەمین ئافرەتی کوردە،

لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد و لە مێژووی عێراقدا، کە لەسەر سیاسەتکردن لە سێدارەدراوە. ساکینە جانسز، سیاسەتوانێکی باکوری کوردستانە و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستانە و ساڵانێکی زۆر زیندانی کراوە و ئەشکەنجە و ئازاری زۆر دراوە. لەیلا زانا، سیاسەتمەدارێکی باکوری کوردستانە و یەکەم کەس بووە، بە زمانی کوردی سوێندی یاسایی لە پەڕلەمانی تورکیا خواردوە. بەخاتر ئەوە، زیاتر لە دە ساڵ زیندانی کراوە.

لەبەرئەوە، ئەگەر بەریتانیا شانازیی بە ڤیکتۆریا، ئەمریکا بە هیلاری کلینتۆن، ڕووسیا بە ئەلیکساندەر، هیندوستان بە بیریند گاندی، پاکستان بە بێنەزیر بۆتۆ، ئەفغانستان بە مەلالە یوسفزەی، میسر بە کیلۆپاترا، ئەرژەنتین بە ئێڤیتان پێرۆن و چین بە تزۆهسی-یەوە بکات. کورد شانازیی بە عادیلەخان، حەپسەخان، نەجیبەخانی جەلی زادە، مارگرێت، ساکینە جانسز، مەستوورە، قەدەم خێر ، لەیلا قاسم و لەیلا زاناوە دەکات. ئەڵبەتە ژمارەی ئافرەتە بەتواناکانی کورد، زۆر لە ژمارەی بەشداربووانی نێو ئەم کتێبە زیاترە.

لەماوەی ڕابردوودا، لە چەند گۆڤار و بڵاوکراوە، کورتە زانیاری لەسەر ئەو کەسایەتییانە بڵاوکرایەوە. بەڵام، زانیاری ورد و پێویستی تێدانەبوو، کە لەگەڵ گەورەیی و ماندووبوونی ئەو ئافرەتانە هاوشان بێت، لێرەدا دەمانەوێ

بەسوود وەرگرتن لە زانیاری سەرچاوە مێژووییە بەردەستەکان، بە وردی باس لە ژیان و کاروکردەوە و هەنگاوەکانی ئەم خانمانە بکەین.
دەخوازم ئەم نووسینە کەلێنێکی بچووک لەنێو کتێبخانەی کوردی بەتایبەتی زانیاری لەبارەی خانمان پڕ بکاتەوە و سەرچاوەیەکی باشیش بێ، بۆ توێژەر و پەیجووران و بەدڵی خوێنەران بێت.

زامدار ئەحمەد
گەلاوێژی ٢٠١٨

# ئافرەت لەدیدی شاعیرانەوە

شیعر، یەکێکە لە ژانرە سەرەکییەکانی ئەدەب و تام و چێژی جیاوازی هەیە. بەشێکی زۆر لە شاعیران لەڕێگەی نووسینی شیعرەکانییانەوە هەست و هزری خۆیان دەربڕیوە و گوزارشتیان لەو باسانە کردووە، کە لەسەردەمەکەیاندا باو بووە. واتە جەوهەر و ناواخنی خۆیان بە شیعرەوە دەربڕیوە.

لە مێژووی ئەدەب و شیعری کوردیدا، بەدەیان و سەدان شاعیر بوونیان هەیە، کە سەبارەت بە ئافرەت دواون. زۆربەی جار بە شێوەی گشتی شیعریان بۆ ئافرەتان نووسیوە و هەندێ جار بەشێوەی تایبەتی شیعریان بۆ ئافرەتێک نووسیوە، لەم باسەدا، هەوڵدەدەین، شیعری چەند شاعیرێک بۆ وێنە بخەینەڕوو.

نالی، شاعیری کلاسیکی لە دێڕە شیعرێکدا، کە بۆ خۆشەویستەکەی نووسیوە، بەشێوەیەک دەپەیڤێ، کە بە تەنیا پێدانی ماچێک ئامادەیە گیانی خۆی کۆتایی پێ بهێنێ.

وەفای عەهدە لە من رۆح و لە تۆ ماچ
چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم

کوردی، شاعیری کلاسیکی (١٨٠٩-١٨٤٩) بە جوانی ئافرەتان سەرسامە و لە وەسفکردنیاندا، دەڵێ:

بەداوی زوڵف و دانەی خاڵی سەر ڕووت
گرفتارە دڵی سەد عاشقی ڕووت
نیگاهی چاوی مەستی نیمە خابت

هـــەزاری وەک مـــنی خـــستۆتە تابووت
ســـــەبا گـــەر لابدا زوڵفت لـە کوڵمەت
دەڵێم یا مـــاهە یا خـــورشیدەکەی ئەنگوت

مەحـووی، شـاعیری کلاسـیکی (١٨٣٦-١٩٠٦) شـیعری بـۆ ئافرەت نووسیوە، لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێ:

بهێنە جـــامی مەی ساقی بە پیوان
گوڵا و بولبول بە جووتێ بوونە مێوان
هـــەناسەم لائەخا زولفی خەیاتەی
شـوعاعی دێتە دەر خۆری بەیانیان

پیرەمێـــرد (١٨٦٧-١٩٥٠) لە شـــیعرێکدا بەناونیشـــانی (سـەراپای کـچە جـاف) باسـی وەسـف و جـوانی ئـافرەت دەکات و ئەندامەکانی لاشەیان بە جوانییەکان بەراورد دەکا، ئەمە دەقی شیعرەکەیە:

کـــچۆڵەی بەناز، کــچۆڵەی بەناز
جنـــسی لــەتیفی شۆخـی سەرفراز
بازی عشیـــوەباز، دۆستی شەکەر ڕاز
پێکـــەنینەکەت بۆ زام مەرهەم ساز
بـــولبولی ســـەرچڵ، سەرچڵی غماز
شـــاهینی شاهی سەر قوللەی پێباز

مەلای گەورە (١٨٧٦-١٩٤٣) لە شـــیعرێکدا داوا لە گەلـــی کورد دەکا، واز لە ژن تەڵاقدان بهێنن، ژن جوانی دونیایە پێویستە ڕێزی لێ بگیرێ.

بڵێن بە قـەومی کـــوردان
دەســتی مـن و دامـــێنیان
عـــەیبە بە هەقی یـــەزدان
ژن هێنــــان و تـەڵاقدان
ژن زینــەتی دنیــــــایە
ئـــەمانەتی خــــــودایە
حـــــەبیبی مـوستەفـایە
قــــەڵاتن لـە بۆ مـێردان

لە وەسفی نازداری و ڕوخسار جوانی کچێکدا، تـاهیر بەگی جاف (١٨٧٨-١٩١٨)، لە شیعرێکدا دەڵێ:

فیدای روخساری ئاڵت بـم ئەڵێی خورشیدی تابانە
بەڵا گــردانی باڵات بم وەکوو شـمشادی بوستانە
لە سـایەی تیغی ئەبرۆی تۆ، لە ڕۆژی حەشردا جانا
بیحەمدیلا حیسابی مـن لەگەڵ جەمعی شەهیدانە

لەئاســت جـوانی کـچە کوردێـک، قـانع (١٨٩٨-١٩٦٥) لە شیعرێکدا بەنێوی شۆخی بێ پەروا دەڵێ:

خوا ڕەحمێ بە حاڵم کەی لەدەست ئەو شۆخە بێ پەروا
کە سوڵحی ناکرێ بۆ من بە دووسەد مەحکەمەی کوبرا

سـەبارەت بە یەکیسـانی و دادوەریێ نێوان ئـافرەت و پیـاو، فایەق بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨) لە شیعرێکدا جیاوازی نێوانیان ناهێڵێ و بەیەک چاو سەیریان دەکات.

مـــەڵێ من کچم تۆش وەکو منی
موحتاجی عیلم و فــەن و خوێندنی

هەژار (١٩٢٠-١٩٩١) لە شـیعرێکدا بە ناونیشـانی ژوان، لە وەسفی ئافرەتدا، سینگی بەرانبەرەکەی بەدڵی گەرمی خۆی وێنا دەکا.

لـــێـــم گـــەڕێ بمرم تا لێت نەبڕاوم
نـــامـــەوێ بـێ تــۆ ببـینـێ چـــاوم
ئـــافەریم شەوێ پێـــکـی ڕۆگـــرتن
سـنـگی نـەرمی تـۆ دڵی گـەرمـی مـن
وا لـێک چـــەسپاوێن ئـــاو نـــادەڵێنین
کـــوڵ و کۆی خۆمان بەخەم دەمـــرێنین

هـێمن (١٩٢١-١٩٨٦) لە شـیعرێکدا بە نێـوی ئـامێزی ژن، وەسفی ژن دەکا، باسی خۆشی و ناخۆشی و دورکەوتنەوە لە ژن دەکا.

جـــــاران پـــەنـــاگـەی شەوانم
ئـــامـــــێزی ئـــاوەڵـــای ژن بوو
گـەرمی و نـــەرمی ئـــەو ئامێزە
مـــایەی حـــەســانەوەی من بوو
دەردی ژیـــــان، ڕەنـجی خەبات

ماندووبوونی ڕۆژی ناخۆش
بەشەو لە ئامێزی ئەودا
هەمووم دەکردن فەرامۆش
نیگای چاوی، بزەی لێوی
برینی دەکردم سارێژ
برینی ئەو دڵەی، دوژمن
بە تیر دەیکرد دابێژ دابێژ
نازی، تۆرانی، زیز بوونی
لاواندنەوەی، ئاشت بوونەوەی
هەمووی لەجێی خۆی شیرین بوو
زۆر سەختە لەبیر چوونەوەی

لە ڕۆژمێژووی ڕۆژی ژندا، لە ساڵی (٢٠٠٢)، شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠-٢٠١٣) لە شیعرێکدا بە ناونیشانی ڕۆژی ژن.. ڕۆژی گوڵەبەڕۆژەکان! شیعرێکی دووروو درێژی پڕ مانای لەبارەی ئافرەت نووسیوە، بەشێوەیەکی گشتی جوانی و گەورەیی و پیرۆزی ژن نیشاندەدا. ئەمە بەشێکە لە شیعرەکە:

من ئەمڕۆ لە تەوقەسەری ئەم یادەدا
لە تەوقەسەری بە گیا و بەگوڵ و
بە پەپولەی تەنراوی ئەم جەژنەدا
مۆمی خۆشەویستییەکی نازدار
نازدارتر لە کچە بچکۆلانەکەم و
نازدارتر لە یادگاری

مێخەک بەندەکەی دایە خانم..
دائەگیرسێنم!
مۆمێک بەقەد بەژنی دایکم!
ئەوەندەی ڕۆحی ئەویش سپی و بێگەرد.
ئەوندەی شەوقی پەیف و قسە خۆشەکانیشی گەش!
مۆمێک لە شیعرا دائەگیرسێنم..
مۆمێک لە زمانی کوردیدا..
مۆمێک لە عەشقاو
مۆمێک لە خەمەکانتاندا..
من ئەو ڕۆژەم
بەقەد کیژۆڵەیەکی جوانکیلەی خوێن گەرم و
بەڵام چاو غەمگینی گەڕەکی ڕەحیم ئاوای
کەرکووک و ئەوەندەی ژنە نان کەرێکی دەست و پل
بلۆق کردووی گەڕەکی خانووە قوڕەکانی
ئێرەیش خۆشم ئەوێ!
ئێوە نازانن من ئەم ڕۆژەم چەندە خۆش ئەوێ!
نازانن لە چاوەڕوانیی ئەودا..
چۆن وەک گوڵ خەندەران ئەتریقێمەوە

قوبادی جەلی زادە (١٩٥٣- لە ژیاندا ماوە)، لە وەسفی ژن و وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی ژن دەکوژن، دەڵێ:

ژن مەکوژن،
دەنا دڵۆپێک عیشق نابارێت.
ژن مەکوژن،
دەنا مانگ، ماڵەکەی دەباتەوە ئەشکەوت.

عەبدوڵڵا پەشێو (١٩٤٦- لەژیاندا ماوە)، لە وەسفی جوانی و دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بۆ ئافرەتێک، لەشیعرێکدا بەم شێوەیە دێتە گۆ:

خاتوونەکەم
بیستووتە ئاسمان چەند دوورە؟!
من، بارتەقای دووری ئاسمان
خۆشم ئەوێی
بیستووتە دەریا چەند قوڵە؟
بەقەد قووڵی گشت دەریاکان
خۆشم ئەوێی!

دوکتۆر یوسف زەنگەنە، لە شیعرێکدا بەناونیشانی " لە جانتای کچی شەرڤانێکی کۆبانیدا" ئازایی و بەتوانایی و قارەمانێتی ئافرەتان دەخاتە ڕوو و جیاوازی نێوان خەڵکی ئاسایی و ئەوانەی لە پێناو کوردستان هەوڵدەدەن، نیشاندەدا. ئەمە بەشێی تێکستی شیعرەکەیە:

کیژۆڵەیەک هەر دەتگوت،
خوودی تۆپی هەتاوە،
لە ئاسمان، بێزار بووە،
بۆ زەمین داکشاوە،
وا دەردەکەوت، جانتاکەی،
پڕ بۆنە و شانە و پۆدرە،
ڕەنگی لێو، کۆڵم و چاوە،
کە جانتاکەی پێشاندام،

ئای کە بە کووڵ بۆی گریام،
کە بینیم ئەوەی تێیبوو،
سەد فیشەک، کڵاشینکۆف،
تەنها یەک کەرتە نانێک،
بووتڵێکی پڕ لە ئاوە،.....

ئەمانە بەشێک بوون، لەو تێکستە شیعرانەی کە شاعیران لەبارەی ئافرەتانەوە، لە کات و شوێنی جیاواز نووسیویانە. ئەڵبەتە شیعری زۆر زیاتر لە سەر ئافرەت نووسراوە و ژنان کارەکتەری سەرەکی شیعر نووسین و ئیلهام بەخشی شاعیران بووە.
لە خوێندنەوەی ئەو شیعرانە دەردەکەوێ، کە ئافرەت لەلای شاعیرانەوە پێگەو پلەی تایبەتی هەیە و ڕێزێکی زۆریان لێدەگیرێ و هەموویان بەبەرزی و بەچاوی مرۆڤانەوە لە ئافرەتان دەڕوانن، ئەگەرچی هەندێ جار شیعری هەندێ شاعیر لە چوارچێوەی حەز و چێژی سێکسیدا دەبینرێ بەرانبەر بە ئافرەت، یاخوود ئافرەتەکە. بەتایبەتی شیعری ئەو شاعیرانەی هەجوو دەنووسن.

## سەرچاوەکان:

١ - دیــوانی هەژار: بــۆ کوردســتان، چ٤، چــاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
٢ - دیــوانی نــالی: لێکــۆڵینەوە و لێکــدانەوەی: مەلا عبـدالکریمی مـدرس و فـاتح عبـدالکریم/ مـحەمەدی مەلا کەریـم پێیـدا چـووەتەوە./ چ٣، سـاڵی ١٣٨٦ی ئیرانی.
٣ - دیــوانی مەحــوی: لێکــۆڵینەوە و لێکــدانەوەی: مەلا عبـدالکریمی مـدرس و فـاتح عبـدالکریم/ مـحەمەدی مەلا کەریـم پێیـدا چـووەتەوە./ چ٣، سـاڵی ١٣٨٦ی ئیرانی.
٤ - دیــوانی کــوردی (مســتەفا بەگــی ســاحێبقران): ئامــادەکردنی گیــوی موکریــانیی، ب.ش.چ، ١٣٨٧ی ئێرانی.
٥ - دیــوانی قــانع: کــۆکردنەوەی بورهــان قــانع، چ٨، ناوەنـدی بڵاوکـراوەی کتێبـی میـدیا، سـنە، ١٣٩٣ی ئێرانی.
٦ - دیــوانی شــێرکۆ بــێکەس: بەرگــی پێــنجەم (١٩٩٩-٢٠٠٣)، ب.ش.چ، ٢٠٠٦.
٧ - دیــوانی تــاهیر بەگــی جــاف: کــۆکردنەوە و ســاغکردنەوە و ئامـادەکردنی حەسـەن گـۆران، چ٢، دەزگای ڕۆشنبیری گۆران، ٢٠١١.

٨ - دیـوانی پیرەمێـردی نەمـر: کـۆکردنەوە و پەراوێـز نووسینی محەمەد ڕەسوڵ هاوار، چاپخـانەی شڤان، ٢٠٠٧.
٩ - دیـوانی بـێکەس: ڕێکخسـتنەوە و زیـادکردنی ئومێـد ئاشـنا، چ٢، چـاپ و بڵاوکـراوەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠٠٥.
١٠- یوسف زەنگەنە (دوکتۆر): کچانی چیای قەندیل و کۆبانی، ب.ش.چ، ٢٠١٦.
١١- هـێمن: سـەرجەم بەرهەمەکـانی مامۆسـتا هـێمن، چاپخانەی هەولێر، ٢٠١٤.
١٢- قوبـادی جەلـی زادە: باخچەکـانی مەلەک تـاوس، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.
١٣- عەبدوڵڵا پەشێو: سەرجەم بەرهەمەکانی عەبدوڵڵا پەشێو، بڵاوکراوەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٤.
١٤- عەبدولخالق علاءالدین: مەلای گەورە-زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.